**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەیانی ژمارە(١٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، و ماددەی شەشەم برگە سێزدەیەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەمەوار کراو و رێنمایی وەزارەتمان تایبەت بە فراوانکردنی وهێنانەکایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموارکراو ، و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای دهۆك ژمارە (٢٢٥٨ لە ٢٠٢٢/٤/٢٥) و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی ، بڕیارماندا :

**یەکەم:** گواستنەوەی **(گوندی ئەردا)** و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ لە سنوری ناحیەی مانگێشك/ قەزای ناوەندی دهۆك لە پارێزگای دهۆك بە ڕووبەری (٥ دۆنم )پێنج دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١١) لە کەرتی ٦/ئەردا ) وەك لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆك لە سەرەوە هاتووە بەپێی یاسای کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .

**دووەم :** ئەم بەیانە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (٢٩١٧ لە ٢٠٢٢/١٢/٢/) و فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤٣٧ لە ٢٠٢٢/١٢/٢٢) کە بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی سەلاحەدین کراوە بە قایمقامیەتی قەزای پیرمام دوای دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی شارەوانی پیرمام ژمارە (٢ لە ٢٠٢٢/٣/٣٠) لەبەر نەبوونی هیچ سکالایەک یان رەخنەیەک لە هیچ لایەنێک پاڵپشت بە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦ی ساڵی ١٩٩٣) بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە بڕیارماندا:-

١- بەگۆڕینی شارەوانی سەلاحەدین بۆ شارەوانی پیرمام.

٢- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**ساسان عەونی**
**وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار**